# ئاسایش و ئەمنی بەعس وەك بەشێك لە كولتوری بەعسیزم

یاسین بانیخێلانی

دەزگای ئەمن (جهاز الامن) یەكێك لەو دەزگا سەركوتكەرانەی بەعس بوو، كە لە ڕێگایەوە جگە لە چاودێریكردن و دەستخستنە ناو كارو ژیانی خەڵكەوە بەردەوام لە بەرهەمهێنانەوەی فۆرمی ترس و تۆقاندا بوو، هەتا كۆمەڵگای عێراق بەو شێوەی بینیمان بێدەنگ و سەركوت بكات. بەعس لە ڕێگای دەزگای ئەمنەوە چەندین ئۆرگان و تۆڕی چاودێریكردن و تۆقاندنی تری بە شێوەیەك بۆ كۆنترۆڵكردن و چاوترساندنی خەڵكی عێراق دروستكردبوو، تا بتوانێت بە هەموو شێوەیەك تاكەكانی ناو كۆمەڵگای عێراق بخاتە ژێر كۆنترۆڵی خۆیەوەو هەر كاتێك خواستی داركاری بكات. یەكێتی قوتابیان (اتحاد الطلبة) یەكێك بوو لەو ئۆرگانانەی، كە لەبری ئەوەی نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی قوتابیان بكات بۆ چارەسەركردنی كێشەكانیان. لە بری ئەوەی شوێنی مافە پێشێلكراوەكانی قوتابیان بكەوێت و ئەو ناكۆكییانەی لە نێوان مامۆستاو فوتابیاندا سەریهەڵدەدا چارەسەر بكات، بۆ خۆی بوو بوو بە بەشێك لە دەزگای ئاسایش و كارەكەی لەوەدا كورتكرابووەوە، كە كام قوتابی و كام قوتابی پێكەوە دەگەڕێن و باسی چی دەكەن، كام قوتابی خزمی پێشمەرگەیە بیخەنە ژێرچاودێرییەوەو ڕێكخستنی قوتابیان و ڕاپێچكردنیان بۆ بۆنەكانی بەعس. . . .

هەروەها یەكێتی ژنان (اتحاد النساء) سەرەڕای ئەو هەموو پێشێلكاری و نا هەقیانەی لە سایەی ئەو یاسانەی بەعس دایانابوو، سەرەڕای ئەو هەموو دەستدرێژی و بێحورمەتیانەی، كە پیاوانی بەعس بەخۆشی یا بەزۆر دەیانكردە سەر ئافرەتان، سەرەڕای جیاكردنەوەی كچان لە كوڕان لە قۆناغەكانی سەرەتاییەوە، كارەكەی لەوەدا كورتكرابووەوە، كە ژنان لە ژێر چەتری بەناو ڕێكخراوەكەیاندا كۆبكەنەوەو بە بەعسییان بكەن و لە پێشی پێشی ڕێپێوان (مسیره) ەكاندا لافیتەیەك بدەنە دەستیان دروشمە زەردەكانی بەعس بەرزبكەنەوەو بڵێنەوە، یا لەباشترین حاڵەتدا بەوە فریویان بدەن، هەتا لە پاڵ پیاوەكاندا ببنە بەشێك لە میلیشیاكانی بەعس، ئیتر با كاری سیخوڕی بوەستێت، كە بە ژنانیان دەكرد، دیارە ئەمانەو چەندین ڕێكخراوی تر وەك تۆڕێكی پێكەوە چنراو بە دەزگای ئەمنەوە دروستكرابوون. بەم پێیە هیچ جێگایەك نەمابوو دەزگای ئەمنی بەعس ئامادەیی تیا نەبێت.

من لێرەدا نامەوێت بچمە ناو قولایی و وردكارییەكانی دەزگای ئەمنی بەعسەوە، ئەوەندەی دەمەوێت بەدوای خاڵە هاوبەش و لەیەكچووەكانی ئاسایشی كورد و ئەمنی بەعسدا بگەڕێم و تەكنیكی ئیشكردنی ئەمنی بەعس و گواستنەوەی وەك كولتورێكی بەعسیزم بۆ ناو دەزگای ئاسایشی كوردی بخەمە پێشچاو، ئەگەرچی لەوەش دڵنیام (ئاسایش) نەك وەك وشە وەرگێڕدراوی (امن) ی عارەبییە، وەك (قوات الخاصة) بە (هێزی تایبەت) و چەندین دام و دەزگای تری سەركوتكەر، بەڵكو ئاسایش وەك چەمك گوازراوەتەوە بۆ ناو نەك فەرهەنگی كوردی بەڵكو بۆ ناو عەقڵی كوردی، لەبەر ئەوەی وەك ئەمنی بەعس لەدوای ڕاپەڕینەوە كاریگەری لەسەر سایكۆلۆژییەتی هەر تاكێكی ناو كۆمەڵگای كوردیدا داناوە، ئەمەش بەهۆی هەمان تەكنیكی كاركردنی ئەمنی بەعسەوە، كەلەدەرەوەی هەموو یاسایەكی دەوڵەت چالاكییەكانی خۆی بە ئەنجام دەگەیاند. ئەوەی ئەمنی بەعس بە درێژایی چارەكە سەدەیەك لە دژی خەڵكی عێراق بە گشتی و كورد بە تایبەتی كردی، ئاسایشی كورد ئەوەندەی زیاتر لەماوەی دوازدە ساڵی تەمەنیاندا دژی گەلی كورد كردیان.

لەدوای ڕاپەڕینەوە ئەو دەزگا سەركوتكەرانە، بە ئیرادەی خەڵكی كوردستان لە باشوری كوردستان بەسەریەكدا وێران كران، بەڵام ئەوەی جێگای داخە حیزبەكان بە هەمان ڕۆحیەتی بەعسەوە دەزگاكانیان بۆ سەركوت و دەمكوتكردنی خەڵكی كوردستان لەژێر هەمان ناودا، بەڵام بەكوردی زیندووكردەوەو بە هەمان تەكنیك و كاركردنی بەعسییەكان درێژەیان بە چالاكییەكانی خۆیاندا. بەعسییەكان بەو شێوازی تەكنیك و كاركردنە كارەكتەرێكیان بۆ خۆیان دروست كردبوو، كە دەتوانرێت وەك بەشێك لە كولتوری بەعسیزم ناوزەند بكرێت، بەڵام ئەمان وەك ئەكتەرێك كەوتنە لاساییكرنەوەی ئەو كارەكتەرە، بۆ ئەمەش پێویستیان بەزێدەڕۆیی هەبوو، هەر ئەمەشە وامان لێدەكات بەو ئاكامە بگەین، كە لاسایكەر قەت لەوەی لاسایی دەكاتەوە جوانتر نابێت.

لەڕوویەكی ترەوە ئەگەر تەماشای تەكنیكێكی تری ئەمنی بەعس بكەین، كە بەدوای دروستكردنی فۆرمی ترس تۆقاندندا لەناو سایكۆلۆژیەتی بەتایبەتی گەنجەكانی عێراقدا دەگەڕا ئەوە بوو، قوتابی یا هەر گەنجێكی بە بیانوویەك دەستگیر دەكردو لە دادگایەكی فاشیانەدا تاوانێكی بۆ هەڵدەبەست، كە دەربازبوون لێی ئاستەم بێت، ئەگەر تەمەنیشی لە خوار یاسای سزای كوشتنەوە بوایەت ئەوا هەر بە هەمان یاسا تەمەنیان گەورە دەكردو بەبەرچاوی كەس و كارو خەڵكەوە گوللە بارانیان دەكرد یا لە سێدارەیان دەداو پاشان

لاشەکەیان بۆ خاوەنەکەی دەگێڕایەوە، بەڵام ئاسایشی کورد بە بێ هیچ یاسایەك چەندەها گەنجیان بێسەرو شوێنکردو هەر لە شاری دەربەندیخان، کە مەبەستی سەرەکی ئەم نووسینەیە، ئاسایش بە بێ هیچ دادگایەك چەندین گەنجیان بە شێوەیەکی ترسنۆکانەو ناشیرین و دوور لە هەر ڕەوشتێکی مرۆڤانە لەناو بردو تا ئێستا کەس نازانێت بۆچی و لەسەر چی ئەو تاوانانە کراون؟! ئاخر ئەگەر کەسێك بەدەستی ئەمنی بەعس شەهید ببوایەت، ئەوا ئەمڕۆ بۆ کەس و کارەکەی جێگای شانازی دەبوو، چونکە ئەوەی بەعس دژی گەنجی کورد دەیکرد، تەنها مەسەلەی کورد بوون بوو، ئیتر گرنگ نەبوو سەر بە کام ڕێکخراوو حیزبی کوردی بووبێت، بەڵام تا ئێستا کەس نازانێت، ئەوانەی بەدەستی ئاسایشی کورد لەناوبران لەسەر چی بوو، لە کاتێکدا هەندێك لەو ئاسایشانە دەرچووی قوتابخانەی ئەمنی بەعسن!.

ئەمنی بەعس لەسەردەمی دەسەڵاتی ڕەشی بەعسدا چەند بۆ کارو چالاکییەکانی پێویستی بە مۆڵەتی یاسایی هەبوو، ئاسایشی کوردیش لە دوای ڕاپەڕینەوە بۆ ئەنجامدانی کارو چالاکییەکانی ئەوەندە پێویستی بە مۆڵەتی یاسایی هەبوو. ڕاستە ئەمن لەسەردەمی بەعسدا دەزگایەکی سەربەخۆبوو، بەڵام بۆی هەبوو دەستبخاتە ناو کاری هەموو دەزگاکانی تریشەوە، ئەمنێك بۆی هەبوو هەرکاتێك هەرکەسێکی بوویت دارکاری بکات و کەسیش نەبێت لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات، بۆی هەبوو تەنانەت پۆلیسیش دارکاری بکات و ڕەوانەی زیندانی بکات لەژێر هەر بیانوویەکدا بێت، بە هەمان میتۆد ئاسایشی کوردیش بۆی هەبوو هەرچییەك بیەوێت بیکات و کەسێکیش نەبوو لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات. لەگەڵ ئەمانەشدا بەهەمان ڕۆحیەتی بەعسی چەندین ڕێکخراوی تریان لەژێر چاودێری ئاسایشدا دروست کردو کارەکانیان کورتکرانەوە بۆ چاودێریکردن و بە حیزبیکردنی خەڵك، ئەگەرچی لەسەردەمی بەعسدا هەموو کەس دەیتوانی لەیەکێك لەو ڕێکخراوانەی لە ژێر ناوی جیاوازدا دروستی کردبوو ببێتە ئەندام بەمەرجێك ئەندام بوونی حیزبی بەعسی قبوڵ بێت، زۆرجاریش ئەندام بوون لەیەکێك لەو ڕێکخراوانەدا بۆ خۆی ئەندامبوونی بەعسی بوو بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی، بەڵام حیزبەکانی ئێمە لەمەشدا ئەو زێدەڕۆییانەیان کرد، کە هەرکەسێك بیەوێت لەیەکێك لەو ڕێکحراوانەدا کاربکات پێش هەموو شتێك دەبێت تەزکیەی حیزبی هەبێت، واتە پێش ئەوەی کەسێك بیەوێت لەیەکێك لە بەناو ڕێکخراوە پیشەییەکانیشدا، کە هەموویان ڕێکخراوی حیزبین کاربکات یا ببێتە ئەندام دەبێت ئەندام بوونی حیزبی پێشتر قبوڵ بووبێت.

ئەم سیاسەتی بەحیزبی کردنەی خەڵکی کوردستان لەلایەن حیزبەکانەوە بۆ خۆی بەشێکە لەکولتوری بەعسیزم، کە حیزبەکان لە دوای نەمانی بەعسەوە لە کوردستان زیندوویانکردەوە، بۆیە نابێت ئێمە بەنەمانی بەعس و دەم و چاوی سەدام گەشبین بین، بە بێ ئەوەی ڕەگی بەعسیزم لەکوردستان و عێراقە داهاتووەکەی حیزبەکاندا ڕیشەکێش نەکرێت، ئاستەمە بە بێ ڕیشەکێش کردنی کولتوری بەعس لەناو حیزبەکاندا بتوانین قسە لەداهاتوویەکی گەش بۆ کۆمەڵگای کوردی بکەین، لەبەر ئەوەی ئەزموونی دوازدە ساڵ لەبەردەستماندایە، کە بەعس بە بێ سەدام لەناو ئێمەدا دەژیا. ئەزموونی دوازدەساڵ پێمان دەڵێت: کولتوری بەعسیزم دەتوانێت بە بێ سەدام و حیزبی بەعس هەمیشە ئامادیی خۆی هەبێت.

ئەو ڕوداوەی (16. 7. 2003) شاری دەربەندیخان ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێت، کە بەعسیزم بە تەنها ڕوخانی پەیکەرەکەی سەدام نەبوو لە ساحەی فیردەوسی، چونکە ئەگەر بەعسیزم بە نەمانی دیکتاتۆرو حیزبێکەوە ببەستینەوە، ئەوا هێشتا لەناو ئێمە چەندین حیزب و دیکتاتۆری تر دەژین، ئەگەر کولتوری بەعسیزم بریتی بێت لە توندڕەوی دژی ئازادی و پێشێلکرنی مافەکانی تاك، ئەوا هێشتا ئەو توندڕەوییە بەشێوەیەکی ئاشکراو دیار لەناو ئێمەدا کاری خۆی دەکات، ئەگەر کولتوری بەعسیزم بریتی بێت لە پاوانکردنی قسەکردن لەلایەن حیزبێکی تاك دەسەڵاتەوەو هەموو مافێکی قسەکردن لە هاووڵاتیان بسێنێتەوە، ئەوا دوازدە ساڵە ماف هەموو قسەکردنێك لە هاووڵاتیانی کورد سەنراوەتەوەو حیزب لەبری هەموو گەل قسە دەکات و بڕیار لەسەر چارەنووسی دەدات. ئەگەر کولتوری بەعسیزم ئەوە بێت پشت بە زەبرو زەنگ و میلیشیا ببەستێت، ئەوا ئەزمونی دوازدە ساڵ زەبرو زەنگ لە لایەن حیزبە کوردییەکانەوە دژی گەلی کوردو بە میلیشیاکردنی خەڵکی کورد بۆ ئێمە ئەزموونێکی هەمیشە زیندووە.

دیارە قسەکردن زۆرە لەسەر کولتوری بەعسیزم، بەڵام ئەوەی ئێمە مانان نیگەران دەکات، حیزبەکان بە کولتوری بەعسیزم قسە لەسەر دیمۆکراسیەت بۆ ئایندەی کوردستان دەکەن و هەموو ڕەفتارە بەعسی ئاساکانیشیان هەر لە ژێرناوی دیموکراسیەتدا دەکەن وەك ئەو ڕوداوەی خۆپیشاندانی لاوانی شاری دەربەندیخان.

www.kurdistannet.org

دیاره ئەو ڕوداوەی شاری دەربەندیخان یەکەمین ڕوداوێك نییە، کە ئاسایشی حیزبە کوردییەکان بەو دەردەی بەرێت، بەڵکو یەکەمین ڕوداوێکە لەدوای نەمانی بەعسەوە ئاسایشی حیزبە کوردییەکان وەك چەپکە گوڵێکی ئازادی بیرو ڕادەربڕین پێشکەش بە خەڵکی کوردستانی دەکەن، یەکەمین ڕوداوێکە ئاسایشی حیزبە کوردییەکان ڕاستەوخۆ پێمان دەڵێت: با سەدام و بەعسیش گۆڕ بەگۆڕ بوو بێت، بەڵام خۆ هێشتا ئێمە زیندووین، یەکەمین ڕوداوێکە ڕاستەوخۆ پێمان دەڵێت: هەتا حیزب هەبێت کەس مافی هیچ داواکردن و قسەکردنێکی نییەو بە تەنها حیزب بۆی هەیە قسە لەسەر هەموو مەسەلەو کێشەکان بکات و هەر حیزبیشە دەتوانێت داواکارییەکانی خەڵك بە جێبهێنێت و چارەنوسی دیاری بکات.

دیارە بەعس هەتا ئاسایشی کوردی هەبێت وەجاخی ڕۆشنە، بەڵام چارەنووسی تاریکە. ئەمەش، کە ئاسایشی (ی. ن. ك) وەك دوا قولەفڕەی مەرگ دژی خەڵکی ئازادیخوازی دەربەندیخان کردوویەتی، بڕوا ناکەم ئایندەیان لەو بەعسیانە باشتر بێت، کە فریای پانتۆڵەکانیان نەکەوتن بیکەنە پێیان، دەستی تۆڵەیان پێ گەیشت!. بڕوا ناکەم حیزبی بەعس بەو دڕندەییەی خۆی نەیتوانی بێت خەڵکی دەربەندیخان دەمکوت و سەرکوت بکات ئێستا ئاسایش بتوانێت، ئەگەر هەزار زەبرو زەنگی تری لەو جۆرەش لە دژیان بەکار بهێنێت بێدەنگیان بکات، لەبەر ئەوەی شاری دەربەندیخان شارێکی شۆڕشگێر بووەو هەمیشە وەك لانەی چەپ وخەڵکی ئازادیخوازو شۆڕشگێڕ ناسراوبووە.

17. 7. 2003 Heidelberg

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت